هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

ژمارەی نهێنی: ١٠٢٤ No:
ڕێکەوت: ٩/٩ / 2019-ی زایینی Date:

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
نهێنی دەرکردە

فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە برگەی (2/ تەوەری سێیەم/ بڕیارەکانی کۆنووسی چوارەم) لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی (3) و (4)- ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (2019/7/24) و (2019/8/21) ئەنجام درا، تایبەت بە کردنەوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (2020/2019) و پرسی کاندیدانی ماستەر و دکتۆرای ساڵانی پێشوو و هەندێك پرسی تری تایبەت بە بواری خوێندنی باڵا.

__بڕیار درا بە:__

1. کاندیدانی ماستەر و دکتۆرا، کە تا ئێستا ماونەتەوە، مەرجی توانستی زمانیان بە دەستنەهێناوە، ڕێگەیان پێدەدرێت دەست بکەن بە کۆڕسی ئەکادیمی، لە هەمان کاتدا بەردەوام دەبن لە کۆڕسەکانی زمان لە سەرجەم سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێمی کورستان، بە مەرجێک تاقیکردنەوەی کۆتایی بە شێوەیەکی ناوەندی (مەرکەزی) و بە سەرپەرشتی لیژنەیەکی تایبەتمەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدرێت، دواتر ڕێنمایی نوێی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە بۆ ساڵی ئەکادیمی (2019/2020) دەردەچێت.
-2 سەبارەت بە و کاندیدانەی کە ئێستا بەردەوامن و بەشدار دەبن لە تاقیکردنەوەی ئیمیدیست، لە دوای ڕێکەوتی (2019/5/25) پاڵپشت بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەگەڕێنەوە سەنتەرەکانی زمان لە زانکۆکانی هەرێم.
-3 بۆ ساڵی خوێندنی (2019/ 2020) خوێندنی باڵا/ ماستەر و دکتۆرا ڕادەگەیەندرێت.
-4 لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا ڕادەسپێردرێت بۆ دانانی ڕەشنووسی ڕێنمایی نوێی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا.
-5 کردنەوەی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە ناوەخۆی وڵات تەنیا ئەو بەشانە دەگرێتەوە کە بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان پێویستیان پێی هەیە، لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا دیراسەتی ئەم بابەتە دەکات، دواتر ڕەشنووسەکە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزارەت بە مەبەستی پەسەندکردنی.
-6 پێداچوونەوە بە کۆنمرەی وەرگرتن دەکرێت بۆ خوێندنی باڵا و لە لایەن لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا لە ڕێگەی ڕەشنووسیانەوە دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەری.
-7 داواکارانی نازناوی زانستی، سەنتەرەکانی زمان ڕادەسپێردرێن بۆ ئامادەکردنی پێشنیاز و چارەسەری تایبەت بە پرسی زمانی ئینگلیزی بەهۆی ئەوەی داواکارانی نازناوی زانستی کەیسی جیایان تێدایە کە پێویستیان بە دیراسەیە، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەی تایبەتمەند ڕاسپاردەی بۆ ئەنجومەنی وەزارەت دەبێت بەمەبەستی پەسەندکردنی.

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

8- داواکاری خوێندکاران/قوتابیانی دکتۆرا، ئەوانەی کە سەرجەم مەرجەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەیان تێدایە، تەنها مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزییان نیە، دەتوانن گفتوگۆی تێزی دکتۆراکەیان بکەن، بەڵام بڕوانامەیان پێ نابەخشرێت، تاکو بەدەستهێنانی مەرجی زمان.

9- کار دەکرێت بە نووسراومان ژمارە (1214) لە (2019/7/9) سەبارەت بە خوێندکارانی دکتۆرا کە ماوەی درێژکردنەوەی یاسایی یەکەم و دووەمیان تەواو دەبێت و دوو توێژینەوەکەیان بڵاو نەکردۆتەوە.

10- ئامادەکردن و دیراسەتکردنی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا لە لایەن لیژنەی باڵای خوێندنی باڵا، بە سەرۆکایەتی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و بە ئەندامیەتی هەریەک لە یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی، دواتر دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزارەت بە مەبەستی پەسەندکردنی.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
نهێنی دەرکردە

د.ئارام محەمەد قادر
وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

<u>وێنەیەک بۆ/</u>

- نووسینگەی جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردەی تایبەت.